# ئاسۆی دادگای کردنی نەزار خەزرەجی !!

لە رِۆژی 30 سیبتەمبەری 2001 ، رِۆژنامەی پۆلیتیکن لە دانیمارک هەواڵی نیشتەجی بوونی تاوانبار نزار خەزرەجی لە دانمارکدا بڵاوکردەوە. دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم تاوانبارە و شەش تاوانباری دی لەو چەشنە لە دانمارک، وە ک بەرئەنجامی گەرانی رۆژنامەگەری دانیمارک بۆ گومان لێکراوانی تیرۆر لە وولاتەکەدا هەڵدەسەنگێنرێت و ، هەڵبەتە ئەمەش وەک کاردانەوەی دامودەزگاکانی وولاتانی ئەورووپا و دانمارک پاش هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر وولاتە یەکگرتووەکان لە 11 سیبتەمبەری 2001 دەستی پێ کرد .

لە ئیوارەی 2001/10/3 { مدعی عامی } دانمارک بەناوی Henning Fode بریاری خستنەگری دادگایی کردنی خەزرەجی دەرکرد بە تاوانەکانی رەشەکوژی و قرِکردنی کورد ، بە وەی کە دەستی هەبووە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە کەبووە بەهۆی کوشتنی 5000 کەس و بریندارکردنی نزیکەی 15000 هەزارکەس ، وە هەروەها بە تاوانی ئەوەی یەکیکە لەولێپرسراوانەی کە هێرشەکانی ئەنفالیان ئەنجام داوە ، ئەویش گرتن و بێ سەروشوێن کردنی زیاتر لە 182000 کەس بە ژن، منداڵ و پیرەوە، هەروەها رِوخاندن و سووتاندنی 4500 لادێ و فەوتاندنی ژینگە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.

ئەم دادگایی کردنە بەیەکەم دادگایی لەو چەشنە دادەنریێت لە مێژووی وولاتی دانمارک. دەزگاکانی لیکۆلینەوە ، تیپی لێکولەرەوەی (المحقق) لێهاتووی دەست نیشان کردوە بۆ ئەوکارە. لە بەرکەمی شارەزایی دەزگاکانی لیکۆڵینەوەی دانمارک لە چۆنیتی پێکهاتنی سەربازی ، جیوپولیتیک ، جوگرافیا و کومەڵگای عێراق بەگشتی و ، هەروەها رووداوەکانی سەر گۆرِەپانی عێراق لە هەشتاکان بەدواوە ، ناچار بوون کە خۆیان باش ئامادەبکەن و لیکۆڵەرەوەکان شارەزایی تەواو وەربگرن ، بەوەی کە چەندین کۆرسی تایبەتی وەربگرن پێش دەستپێکردنی کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە ، بۆ پەیداکردن و شیتەڵکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی بەدەستی دەهینن . هەر بۆیە کاری لیکۆڵینەوە بەشێوەیەکی جدی لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەر دەستی پێکرد.

لە دانمارک و وولاتانی دی ئەورووپا ژمارەیەک کورد و هەروەها هەندێک لە بریندارانی چەکی کیمیاوی کە تا ئەمرِۆش دیاردەکانیان پیوە ماوە و بەدەستی پاشماوەکانیەوە دەناڵینن ، ئەمانەو کەس و کاری ئەنفاکراوەکان داوایان لە دژی خەزرەجی بەرزکردەوە ، ئەوانە شکاتیان لیکردووە ، ئازیزانیان لە دەستداوە جگەریان سوتاوە ماڵیان تالانکراوە لە زیدی بابو باپرانیان دەرکراون ئاوارەن بە هەموو ماناکانی ئەو ووشەیە. هەر ئەم کەسانە و سەدان ئاوارەی کورد بەسەرپەرشتی چوار ئۆرگانی کوردی لە دانمارک لە رێکەوتی 2001/10/4 خۆپشاندانیک یان سازدا بۆ پشتگیری لە دادگایی کردنی ناوبراوو یاداشتێکیان دا بە بارەگای سەرەک وەزیران ، وەزیری داد وەهەروەها پەرلەمانی دانمارک. کەتییدا داوای ئەوەیان کرد کە ئەو تاوانبارە رەوانەی دادگای لاهای بکری لەهۆڵەندا.

بۆ زیاتر یەکخستنی هەوڵەکان لە ریکەوتی 2001/10/28 ( گروپی خستنە گرِی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی) دامەزرا ، ئەم گروپە تا ئیستا گەلیک بەڵگەنامەی داوە بە وەزارەتی دادی دانمارک کە رِاستەوخۆ و نارِاستەوخۆ تاوانباری خەزرەجی دەردەخەن. بەشیێک لەو بەڵگانە ئەو بابەتانەن کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرینەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم میانەدا پەیوەندی کراوە بەچەندین ئەفسەر و فەرمانبەری سوپای عێراق کە ئەمرۆ لە هەندەرانن ، هەندێک لە مانە لە گەڵ ناوبراوا کاریانکردووە و ئامادەیی شایەتیان نیشانداوە لە دادگای دانمارک. شایەنی ریزە کە زۆربەی ئەوکەسانە کە ئامادەییان نیشانداوە لە برا عەرەبەکانن .

لەسەر رِۆشنایی ئەوبەڵگەنامانەی کە ئەمرِۆ لە بەردەستی دەزگای لیکۆڵینەوەدایە ئاسوی تاوانکاریەکانی خەزرەجی بەرفراوان کراوە بۆ سەردەمی پیش ئەنفال ، ئەوکاتەی کە ناوبراو فەرماندەی فرقەی (7) بوو لە شاری سلیمانی و شانبەشانی مولازم محسنی فەڵەستینی خەڵکی کوردیان ئازاردەدا و بێ دادگایی کردن لولەبارنیان دەکردن. جگە لەوە تاوانەکانی سەرکوت کردنی رِاپەرِینی باشوری عێراق لە ئازاری1991 ش دەگریتەوە. ئەوەی شایانی باسە لەسە رەتای لیکۆڵینەوەکان تەنها بەڵگەنامە لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە مەبەستی لیکۆڵینەوە بوو..!! بەڵام ئەمرِۆ وەک باسمان کرد پشکنین بەرفراوانکراوەتەوە بۆ ئەوەی تاوانەکانی سەردەمی پیش وەپاش ئەنفالیش بگریتەوە.

لێکولینەوەو دادگایکردن لە کێشەیەکی واگەورە ، کە پێش زیاتر لە دەساڵ رِوویداوە بەکارێکیدرێژ خایەن مەزەندەدەکرێت ، لە بەر ئەوەی پێویستە هەموو بەڵگەنامەکان وەربگێرِدرێن بۆ سەر زمانی دانمارکی ، وەهەروەها لە بەر ئەوەی زۆربەی شایەتەکان لە دەرەوەی وولاتی دانمارکن . خەملاندنی سەرەتایی وادەر دەخات کە بەلای کەمەوە ئەمکارە ساڵێک لێکولینەوەی دەوێ ، پێش دەست پێکردن بە دادگایی کردنی تاوانبار ، هەڵبەتە ئەمەش دەکەوێتە سەر هەوڵەکانی خەڵکی کورد لە ناوخوو دەرەوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو گەیاندنی

بەدەزگا دانمارکیەکان یاخود (گرووپی ختنە گری هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی ). ئەوەی شایانی باسە دەزگای لیکۆڵینەوەی دانمارک بەنیازی پشکنینی 18 تەنی ماتیریال {کە لە ئازاری 1991 لە کوردستان دەستی بە سەردا گیرا و ڕەوانەی ئەمریکا کرا} ، لە سەرەتای ساڵی 2002 دەچن بۆ و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، وە هەروەها دەستەیەکی دییان بەرەو چەند وڵاتیکی دی بەرێ دەکەون بۆ وەرگرتنی ئیفادەی شایەتەکان .

ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە تایبەت ڕۆڵێکی زۆر نیشتمان پەروەرانەی لەمەڕ ئەم کیشەیەوە بینیوە تا ئەمڕۆ ، وە زەمینەیەکی باشی بۆ خۆی دروست کردووە لە لای ڕۆژنامە و ئاژانسە دانمارکیەکان ، بە خستنە ڕوی چەندین بەڵگەنامە و بڕێکی باش لە زانیاری .

هەڵبەتە ڕۆژئاوا وهەموولایەک باش دەزانێت کە خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق و فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە و یەکیکە لە بەرپرسەکانی کیمیاباران و ئەنفال کردنی کوردستان. (Middle East Watch) لە کتابێکیدا بەناوی جتنۆساید لە عێراقدا وپەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ، کە لە تەموزی 1993 لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چاپ دراوە ، لە لاپەڕە (355) هاتووە ” سوپای عێراق وەهەروەها هێزی ئاسمانی لەگەڵ هێزی تایبەت ویەکەکانی چەکی کیمیاوی ، یەکەکانی ئەندازیاری): تەواوی عەملیاتی مەیدانی شەڕ ، گوند سوتاندن و وێران کردنیان ، گواستنەوەی بە کۆمەڵی گیراوەکان هەمووی لە ئەسئۆیاندایە ، وەزیری بەرگری لەوسەردەمە عەدنان خیراللە (کە دوواتر مردووە) وەهەروەها سەرۆک ئەرکانی سوپا لیوا ڕوکن نزار عەبدولکەریم خەزرەجی بوو“.

ئەو نەخۆشیەی هەمانە و پێمان وایە ، کە پێویستە ئەمریکا و ڕۆژئاوا گڵۆپی سەوزمان بۆ دادە گیرسێنن ئەوسا ئێمە داوای مافی خۆمان بکەین ، بارودۆخێکی وای سەپاندووە بەسەرماندا و شەلەلی و وابەستەبوونی بۆ مرۆڤی کورد دروست کردووە کە پێی وانیە بتوانێت داکۆکی لە مافی خۆی بکات ئەگەر ئەو چرا سەوزەی بۆ هەڵنەکرا. ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە بۆی هەیە نەتەوەیەک بە تەواوەتی ئیفلیج بکات. کێشەی خەزرەجی یەکێکە لەو کیشانەی کە هەموو مرۆڤیکی کورد دەبێ بەکێشەی خۆی بزانێت ، چونکە چارەنووسی 182 هەزار مرۆڤی کورد بۆ یەکەم جارە پاش زیاتر لە دەساڵ بەشێوەیەکی یاسایی لە وولاتێکی ئەورووپیدا باسی لیوەدەکرێت ، لەم کات و سەردەمەدا بە یەکێک لە باشترین هەل و دەرفەت بۆ میلەتی کورد هەڵدەسەنگینرێت و لە دەست دانی زیانێکی مێژویی بە مەسەلەی کورد دەگەیەنێت و ، هەر کەسێکی کورد بە گوێرەی پلەی خۆی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژویی مەزن و گرنگ و د واتریش تۆمار دەکرێت بۆ نەوەکانی ئلیندە .

لەگەڵ ئەوەدا تاوانەکانی ناوبراو ڕوون وئاشکرایە. بەڵام بەڵگەنامە زۆر پێویستە بۆ سەلماندیان لە شیوەی فیلمی ڤیدیو و ینە و...هتد کە نیشانی بدات خەزرەجی لەکاتی ئەنفال لە کوردستاندا بووە. هەڵبەت لە دەنگوباسی تەلفزیۆنی عیراق پیشانی داوە لە ساڵی (1987– 1988) دا یاخود لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ڕژێمدا هاتووە لەوکاتەدا. یاخود شایەت ، یان ئەوانەی کە لەو کاتدا سەرباز بوون یاخود لەگەڵ ڕژێمدا بوون لە نزیکەوە خەزرەجیان بینووە لە هێرشەکاندا. وە گرنگە بتوانرێت کات وجیگاو ڕووداو دیاری بکری.

ئەوەی شایەنی باسە کە کێشەی خەزرەجی ئێستا مەسەلەیەکی دادگایە وە دادگا بەرزترین دەسەڵاتە لە وولاتە دیموکراتیەکانداو بەتایبەت دانمارک کە خاوەنی دەستوورە لە ساڵی 1845وە. لە بەر ئەوە دەیان نامە و یاداشت بۆ سەرەکی وەزیرانی دانمارک لەم هەلوو مەرجەی ئەمرۆدا بۆکیشەی خەزرەجی نرخی یەک بەڵگەنامەی باشی نابێت بۆ سەر میزی مودەعی لە دادگا . ئەوەی ئێمە ئاگادارین وولاتی دانمارک زۆر بە پەرۆش و جدیە لەم کارە. بۆیە پێویستەگەلی کوردیش بەوپەڕی گیانی لیپرسراویەوە کار بکات بۆ سەلماندی تاوانبارێرتی خەزرەجی لە دادگای دانمارک.

گرووپی ختنە گرِی هەوڵەکان

بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

1/1/2002

دانمارک